# جیهان لەسەر لەپی دەست، یان لەسەر شانۆیەکی بچووک؟

د. فازڵ جاف
(سوید)

(٢ - ٢)

شێوازی کارکردنم لەسەر شانۆیی (جیهان لەسەر شانۆیەکی بچووک) لە ناو کارە شانۆیەکانمدا وەک ڕێژیسۆر ئەزموونێکە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، ئەمە نەک لەبەر ئەوەی نمایشەکەی لە ڕووی هونەرییەوە ئاستی زۆر بەرز بووە، چونکە دەتوانم بڵێم ئەم نمایشە لە ڕووی هونەرییەوە یەکێک نەبوو لەو کارانەم کە بەلامەوە زۆر پەسەند بووبێت. بۆ نموونە لە ئاستی پردی ئارتا و دووڕەگ نەبووە، نەخێر! بەڵام ئەم نمایشە بۆ من هەنگاوی یەکەم بوو، لە بواری شانۆی پەروەردەییدا، بەو پێیەی کە من ئەو کاتەیش پێم وابوو کە شانۆی زانکۆ، بە چەشنی شانۆی قوتابخانە، بەر لە هەموو شتێک شانۆیەکی پەروەردەییە، ئینجا شان بە شانی ئەرکە پەروەردەییەکەی، دەکرێت ئەرکی هونەریشی هەبێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە چۆن لە شانۆدا چەمکی پەروەردە تێدەگەین. دەستنیشانکردن و پێناسەکردنی ئەم چەمکە لای زۆر کەس ڕوون و سادە و ڕەوان نییە.

ڕێژیسۆرێک کە لە چوارچێوەی چالاکییەکانی زانکۆدا کارا و چالاکە، دەبێت بەر لە هەموو شتێک ڕاهێنەر بێت، ڕاستییەکەشی زۆربەی زانکۆکان لە جیهاندا ڕێژیسۆر و پسپۆری شانۆ بە ناوونیشانی ڕاهێنەر دادەمەزێنن، واتە ئەو ڕێژیسۆرە بەر لەوەی ئەرکێکی هونەریی هەبێت، ئەرکە بنچینەییەکەی پەروەردەییە، ئەو بۆ ئەوە دەستبەکار دەبێت یارمەتی قوتابییە ئارەزوومەندەکان بدات، ئەوانەی خولیای شانۆییان هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی کە دەیانەوێت پەرە بە بەهرە و توانایی هونەریی خۆیان بدەن.

لە (جیهان لەسەر شانۆیەکی بچووکدا) یەکەم جارم بوو، هەوڵ بدەم ئەم چەمکە پیادە بکەم. ئەم کارەیش زۆر



**عالیە محەمەد ئەمین**

ئاسان نەبوو، بە تایبەتی بۆ منێک کە هێشتا گەنج بووم و لە سەرەتای ئەزموونی هونەریی ڕیژیسۆریدا بووم، ئینجا بێم ببم بە ڕاهێنەر، لەوەیش سەختتر ئەوەبوو، دەبوایە دید و ئەندێشەی هونەریم وەک ڕیژیسۆر لە پێناوی لایەنە پەروەردەییەکەدا بەلاوە بنێم، یانیش بەلانی کەمەوە لە پلەی دووەمدا بێت.

لە بەر ئەم هۆکارە، هەر لە سەرەتاوە تووشی ناکۆکییەکی چاوەڕوان نەکراو بووم، ناکۆکییەک کە لە شێوازی مامەڵە و بەڕێوەبردنی قوتابییە ئەکتەرەکاندا بەدەرکەوت. ئەم ناکۆکی و لە یەکترازانە بە ئەندازەی یەکەم لە دانانی جووڵە و مێزانسێنەکان (پێکهاتەی جەستەیی ئەکتەرەکان) و دابەشکردنی ئەکتەرەکاندا بە دەردەکەوت.

یەکەم هەڵە کە تووشی بووم و پاشتر بۆم بوو بە وانە و پەند، ئەوەبوو کە دەمویست خۆم وەک ڕاهێنەر لە ئەرکە پەروەردەییەکە بدزمەوە، تەنیا خەیاڵ و ئەندێشەی خۆم بەسەر قوتابییەکاندا بسەپێنم، وەک ئەوەی ئەوان داشی دامە و یاری شەترەنج بن. نایشارمەوە جۆری دەقەکە و بونیاتی دیمەنەکان کە زۆربەیان لە شێوەی گرووپ و کۆمەڵ بوون، وایان لێ دەکردم کە ئەم شێوازە بگرمە بەر، واتە بێ ئەوەی زۆر گوێ بە تایبەتمەندێتی تاک بدەم، بیرم لە ئەندازیارییەکی ڕووکەشانەی سەرنجڕاکێش دەکردەوە، کە زیاتر ئێگو/ خۆپەرستی (ئەنانیەت)ی ڕیژیسۆر بسەلمێنێت، کەمتەر تایبەتمەندیی ئەکتەر و کەسایەتییەکان بەرجەستە بکات. ئەوەبوو لە ناوەڕاستدا دەوەستام بە ئەکتەرم دەگوت بۆ لای ڕاست، بۆ لای چەپ، بۆ پێشەوە، بۆ دواوە، بێ گومان لەم دۆخەدا کەسیش بەرەنگاریت ناکات.

لەم ساڵانەی دواییەدا خانمە ئەکتەرێک باسی ڕیژیسۆرێکی لەم جۆرەی بۆ کردم، کە ئەو ئێستاش بەهەمان شێواز بە ئاماژە و ڕێنمایی و ئاراستەکردنی کلێشەئامێز، پرۆسەی دەرهێنانەکەی بەڕێوە دەبرد، ئەو ئەکتریسە ناوی لە ڕیژیسۆرەکە نابوو (شورتی شارع)، واتە پۆلیسی هاتوچۆ. ئەم شێوازە لە دەرهێنانی شانۆییدا خراپترین شێوازە، بەتایبەتیش بۆ ڕیژیسۆرێک کە ئەرکە پەروەردەییەکەی پێش ئەرکی هونەری بێت، ڕیژیسۆرێک کە لە بنەڕەتدا دەبێت وەک ڕاهێنەر لەگەڵ ئەکتەر کار بکات.

قۆناغی یەکەمی پرۆڤەکانم بەم شێوازەبوو، زۆر بە پەلە دەمویست تا زووە، پلانی هەموو میزانسێنەکان دابنێم و جووڵەی ئەکتەرەکان و جێگە و پێگەیان بچەسپێنم. ئەوەی بەلامەوە گرینگ بوو، زنجیرە ڕووداو و دیمەنەکان بوو کە دەبوایە لە ڕیتمێکی خێرادابن. زۆری نەبرد ئەم پلانەم جێبەجێ کرد، ئەوەبوو دوو هەفتەی نەخایاند سەرجەمی دیمەنەکانم بە یەکدییەوە بەست و هەیکەلی نمایشەکە ئامادەبوو. چەند پرۆڤەیەکمان کرد، لەو پرۆڤانەی کە پێی دەگوترێت ڕاکێشانی سەرتاسەری، واتە لە سەرەتاوە تا کۆتایی، وەک ئەوەی ئیدی هیچمان لە پێش نەمابێت، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، هەستم دەکرد کارێکی سست و مردوو و بێ گیانمان ئەنجام داوە. ئەکتەرەکان ڕۆڵی خۆیان دەبینی، تەنانەت لەو قۆناغە سەرەتاییەدا ڕۆڵەکانیان بە ئەندازەیەکی باش لەبەر کردبوو، جووڵە و ڕیتمی کارەکانیان خراپ نەبوو، بەڵام سەرەڕای هەموو شتێک هەستم دەکرد، شتێک لە پرۆڤە سەرتاسەرییەکەدا نوقسانە، ئەو شتە چی بوو؟ ئەو شتە ڕوحییەت بوو، دینامیکییەت بوو، ئەو شتەیە کە ستانیسلاڤسکی پێی دەڵێت: ژیانی ڕوحی ڕۆڵ.

ئەم قۆناغەی کارکردنم لەگەڵ ئەکتەرەکاندا بۆ من مانەندی ئاگا هاتنەوەم بوو، بە ئاگا هاتمەوە کە دەبێت بەر لە هەموو ئەندێشە و بیرۆکەیەکی هونەریانە پێویستە

جارێک ڕۆڵی ڕاهێنەر ببینم، ئەو ڕۆڵەی کە لە ئاییندەدا بۆ هەمـــوو تەمـــەنم، چ لە ناو زانکۆ و پەیمانگاکـــان و سەنتەرەکانی شانۆدا، چ لە ناو تیپە شانۆییەکاندا پیادەم کردووە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە هەمان شێوەی جاران لەسەر چالاکییەکانم بەردەوامم.

دەبوایە هەنگاوە کردەییەکانی ڕاهێنانی ئەکتەرەکان وردتر و ڕوونتـر لەلای خـۆمـەوە تاووتو بکەم، هەمـوو شتێک هەنگاو بە هەنگاو دەستنیشـان بکەم، بەر لەوەی بەشێوەیەکی کردەیی هیچ بەسەر ئەکتەرەکاندا بسەپێنم، ئەمــەش بۆ ئەو ســەردەمــە، بەو ئەزمــوون و زانیــارییــە کەمەی کە ئەو دەمە هەمبوون، بەشی نەدەکرد.

لە دۆخێکی لەم جۆرەدا، بەر لە هەمـوو شتێک پەنام بۆ میتودی ستانیسلاڤسکی و ڕاهێنانەکان و ڕێگەچارە و مـەشـقـەکـانی دەبرد، چونکە ئەوەی لەو سـەردەمـەدا لەبەردەســـتــدا بوون، ســەرچاوەکـــانی مــیــتــودی ستـانیـسلاڤسکی بوو، پاش ئەویش هەروەک پێشـتر ئاماژەم پێ کرد، میتودی برێخت و شێوازی کارکردنی ئەو بوو لەگەڵ ئەکتەر، هەر بۆیە دەتوانم بڵێم پەنام بردە بەر هەدوو میتود، تارادەکیش بە پێی توانایی ئەو کاتەم ئەوەندەی بتــوانم هەوڵم دا ســوودیان لێ وەرگــرم، لە کـۆتاییدا گـەیشـتـمـە ئەنجامـێکی سـەیر، کە لە ڕووی ناوەڕۆک و بینای کـەسایەتیـیـەکـان و کـاری ناوەوەی ئەکـــتــــەر، تەنانەت ئەکــتـــــەرانێک کـــە تەواو ئارەزوومەندبوون، ڕێبازی ستانیسلاڤسکیم پیادە دەکرد، بەڵام لە ڕووی فـۆرمـەوە، بەتایبـەتی بۆ ئەو نمایشـە، تەکنیکی برێختم سەبارەت بە جەستە و ئاماژەکان، وەک ئەوەی کە برێخت پێی دەڵێت گێستوس، بەکار دەبرد.

چۆن ئەو دوو مـیـتـودە، سـتـانیـسـلاڤسکی و برێخت لەیەک دەدرێت؟

کە هەوڵ دەدەم تەکانێک بە بیرکردنەوەم بدەم بۆ ئەوەی بۆ ئەو ڕۆژگارە بگەڕێمەوە، ئەوەندە دەزانم کە شانۆکار، بەتایبـەتی ڕێژیسـۆری گـەنجی خـاوەن خـواست و پرۆژەی جوراوجۆر، هەوڵ دەدات سوود لە هەمـوو شێواز و فۆرم و تەکنیکێک وەرگرێت، لەو قـۆناغـەدا ڕێژیسـۆری گـەنج ئەوەندە بەربەست و ئاسـتـەنگی ئـیـسـتـێتـیـکی بۆ خـۆی دانانێت، هەوڵ دەدات چی دەزانێت بەکـاری بەرێت. بەم پێیە لە کاتی پێویستدا پەنا بۆ هەمـوو شتێک دەبات کە پێی جوان و سەرسوڕهێنەر بێت، خۆ ڕەنگە ئەمەیش زۆر جار خراپ نەبێت، بە مەرجێک ئەو تێکەڵکردنە لەسەر لۆژیکێکی هونەرییانەی گونجاو بێتە کایەوە، لە هەندێک دۆخیشدا دەبێت بڵێین: باشە لەلای ڕێژیسۆرێکی گەنجی ئالوودە و شەیدا، کەی لۆژیکی گونجاو هەیە؟ هونەر خۆی لە خۆیدا زۆر جار ئەو لۆژیکە گونجاوە ڕەت دەکاتەوە.

بەهەرحاڵ ئەم لۆژیکە بۆ من گـونجـاو بوو، چونکە ئەو کـاتە باوەڕم پێی هەبوو، گـرنگ ئەوەبوو وا لە دەوروبەرم بکەم، ئەوانەی کـە هاوکـارم بوون، ئەوانیش باوەڕ بەو لۆژیکە بهێنن.

سـەرلەنوێ دەسـتم بەکـار کـردەوە، چوومـەوە سـەرەتا، هەمـوو شـتێکم هەڵوەشاندەوە، تەواو وەک ئەوەی هیـچم نەکـردبێت، ئەمـەیش لەو بارودۆخـەدا ئـاسـان نەبـوو، بۆ گــرووپەکــە ئـاســان نەبوو، کـەس نەبێت بێـجگە لە هونەرمـەند سـمکۆ عـەزیز، ئەوانی دی هەمـوو قـوتابی زانکۆ بوون، بڵـێم ئەوەی کـردمـان هیـچ و دەسـتی لێ بشــۆن! پێم وایە هیچ ڕێژیسـۆرێک نابێت وا بکات، نـابێت ئەوەنـدە ڕاســـــتگـۆبێت، بە ئەنـدازەیەک بە ئەکتەرەکانی بڵێت: ئەوەی تا ئێستا کردوومانە هیچ!ئەم ڕاستگۆییە لەو جۆرە ڕاستگۆییانەیە کە پێیان دەگوترێت ڕاستگۆییەک کە پێویست نییە، لە شانۆشدا هەروەک لە ژیانیـشـدا هیچ شـتێک هیچ نییـە و لە هیـچەوە نایەتە کایەوە، ڕێژیسـۆر هەروەک مییرهولد ناڕاستەوخۆ دەڵێت، تەنانەت ئەگەر بۆی دەرکەوت کە هەڵەی کردووە، باشـتر وایە ڕۆژێک پاشتـر هەڵەکـەی چاک بکاتەوە، بێ ئەوەی ئاماژەی پێ بدات و زۆر گەورەی بکاتەوە.

## مەشق و ڕاهێنانەکان

لەم سـەرەتا نوێیـەوە مەشق و ڕاهێنانەکانم بەسـەر سێ تەوەردا دابەش کرد:

یەکەمیان کارکردن بوو لەسەر کەسایەتییەکان، کە لە قۆناغی یەکەمدا زۆر پشتگوێم خستبوو، پێم وابوو کە کـەسـایەتیـیـەکـان لە ڕووی دەروونیـیـەوە ئەوەند قـوولّ نەبوون، ڕاستییەکەش هەر وا بوون، چونکە نووسەر وەک مـارکـسـیـسـتـێک پـتـر بایەخی بە پێگەی چینایەتی و سیمای کۆمەڵایەتی کەسایەتییەکان دابوو، بەڵام دیوی ناوەوەیان، باری دەروونیـیـان ئەوەند قـووڵ نەبوو. هەوڵی خۆم لەوەدا چڕ کردەوە کە یارمەتی ئەکتەر بدەم خەیاڵ و ئەندێشــەی خـۆی بخـاتە کـار، تا بۆی دەکـرێت وێنای



**سمکۆ عەزیز**

کەسایەتییەکە ڕەنگڕێژ بکات و ڕەنگەکانی پۆرترێتی کەسێتییەکە تۆختر بکاتەوە، بەتایبەتی چوار کەسایەتی سەرەکی ناو شانۆیەکە، کە دوانیان حاڵی لەوانی دیکە باشتر بوو، بەڵام دوو ڕۆڵەکەی دیکە، کە لە ناو چیرۆکەکەدا دوای ئەوان دەهاتن، سیمای کەسایەتییان لاوازبوو، زیاتر لە شێوازی کلێشە داڕێژرابوون.

لەم قۆناغەدا تاڕادەیەک سوودم لە هەردوو میتودە بەناوبانگەی ستانیسلاڤسکی" ئەگەر هاتبا" و " بیرەوەری کاریگەر" وەرگرت، بەڵام بەشێوازێکی سادە و ڕەوان، ئەوەندەی توانیم ئەم دوو میتودەم وەک دوو کەرەستە و ئامرازی کردەیی بۆ ئەکتەرەکان ئاسان کردەوە، ئەمەیش وەک پاشتر لە قۆناغەکانی کۆتاییدا بۆم دەرکەوت، کاریگەرێتییەکی باشی هەبوو لەوەی ئەکتەرەکان ڕوڵەکانیان تێرتر و دەوڵەمەندتر بکەن، هەروەها کەسایەتییەکانیان باشتر نمایش بکەن. پێشتر بەر لەم ئەزموونە پێم وابوو کە ڕێبازی ستانیسلاڤسکی تەنیا بۆ ئەکتەرگەلێک دەست دەدات، سالآنێک ڕێبازەکەیان خوێندبێت و کاریان لەسەر کردبێت، یان ئەوەندە پیشەمەند و خاوەن ئەزموون بن، تا بتوانن سوود لە مەشقەکانی ستانیسلاڤسکی وەربگرن، بەڵێ ئەوە ڕاستە، بەڵام لە میانەی ئەزموونم لەگەڵ ئەکتەرە ئارەزوومەندەکاندا، پێچەوانەی ئەو بۆچوونەم بۆ سەلما، بۆم دەرکەوت ڕێبازی ستانیسلاڤسکی، بەتایبەتی ئەگەر هاتبا و میتودی بیرەوەری کارا بۆ هەر کەسێک لە هەر پێگەیەکدا بێت گرینگە، چونکە دەربارەی چۆنیەتی کاراکردنی خەیاڵ و ئەندێشەی داهێنەرانەیە. ڕاهێنەری شانۆیی دەکرێت سوودێکی باش لەو دوو کەرەستە و میتودە بۆ ڕاهێنانی ئەکتەران وەربگرێت.

کارکردنم لەسەر جووڵە و جەستە لەو ئەزموونەدا، چ وەک پراکتیزەکرنی کردەیی و چ وەک چەمکی تیوری بایەخی خۆی هەبوو،

هەر لەو مەشقانەی ئەو سەردەمەدا، گەیشتمە ئەو دەرئەنجامەی کە پێوەندەییەکی پتەو لە نێوان جووڵە و هەست و کاردانەوەکانی دەروونددا هەیە، وەک ئەوەی هەردووکی پێکەوە یەک یەکە و یەک پاکێج بن، واتە هەست و ئارەزوو، دەماغ(میزاج)، خواست و مەبەست و هەموو پێداویستییەکی سایکۆلۆژی، هەموو ئەمانە دەبێت بە جووڵە و بەزمانی جەستە گوزارەیان لێ بکرێت، هاوکات هیچ جووڵەیەکیش نابێت هەروا لە خۆڕا و بێ هیچ مەبەستێک ئەنجام بدرێت، هەر جووڵەیەک ئەگەر هۆکار و پاڵنەری لە پشت نەبێت، مەبەست ناپێکێت.

هەر بۆیە ئەم جارەیان ئەکتەرەکانم هان دەدا، تا لە قووڵایی تاقیکرنەوەکانی کەسێتی خۆیانەوە ئەزموونی بایەخدار هەڵهێنجن، ئەزموونێک کە دەکرێت لەگەڵ ئەزموونی کەسایەتییەکەیدا لە یەکدییەوە نزیک بن، ئینجا بە جووڵە و بە جەستە دەری ببڕن.

هاوکات هەوڵم دەدا لە بایەخ و ڕۆڵی جووڵەکانیان تێبگەن و پەرەی پێ بدەن، کە جووڵەیەک ئەنجام دەدەن، بۆ نموونە کاتێک دەستێک دەجووڵێنن، کە ئاوڕدەدەنەوە، کە شان هەڵدەتەکێنن، کە قیت ڕادەوەستن، کە دەچەمنەوە، کە هەڵدەستن، کە دادەنیشن، هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ بارودۆخی دەروونی و هەست و هزری ناوەوە، خۆ ئەگەر ئەکتەر بە جووڵە و جەستە لەسەر شانۆ گوزارە لە هەست و نەست و بیر و هزرەکانی نەکات، وەک کەسێکی مردووە. باشە تا بەشێوەیەکی سادە و ڕەوان لێی تێبگەن و بە کردەیی بەکاری بهێنن، چۆن ئەم هزر و بیرۆکەیەم بۆ ئەکتەرەکانم ورد کردەوە.

بیرمە یەک ڕستەم وەک بەهایەکی گرینگ دووبارە دەکردەوە: هەوڵ بدەن هەموو زانیارییەک، هەموو

هەستێک، هەموو بیر و هزرێک لە ڕێگەی جەستەوە بگەیەنن، بزانن کام فۆرم، کام گوزارەی جەستەیی، کام ئاماژەی دەست باشتر بۆ ئەو دۆخە، بۆ ئەو ڕستە و دیالۆگە دەگونجێت ئەویان نمایش بکەن، ئینجا بەردەوامیش هەوڵی گۆڕانکاری بدەن، هەوڵی دۆزینەوەی ئامرازی نوێی دەربڕین بدەن، ئەمەیش تەنیا بە جەستەی کارا دێتە بەرهەم.

ئەم ڕاهێنانە تارادەیەک ڕێگەچارەی باش بوون، بۆ ئەوەی خۆمان لە فۆرمە چەقبەستوو و کلێشەئامێزەکان، ئەوانەی کە لە قۆناغی یەکەمدا تووشی بووبووین ڕزگار بکەین، لە ڕێگەی ئەم مەشقانەوە دیمەنەکان تا دەهاتن زیاتر گیان دەهاتە بەریان و زیندووتر خۆیان دەنواند. هاوکات ئەم ڕاهێنانە ئەکتەرەکانی لە گیان و کەشی داهێنان و خولقاندن نزیکتر دەکردەوە، ئەکتەرەکان لەم قۆناغەدا هەستیان بە ئاسوودەیی و دینامیزم دەکرد، هەستیان دەکرد چالاکانە بەشدارن، هەستیان دەکرد داهێنەرن و خۆیان فۆرمە هونەرییەکان و ئامرازەکانی دەربڕین دەخولقێنن، نەک ڕێژیسۆر بە تۆپزی بە سەریاندا بیسەپێنێت، لێرەوە پرۆڤە دوای پرۆڤە ئەکتەرەکانم پتر بەرەو میتودی ئیمپرۆ" ئیرتیجال" هان دەدا.

## کلیلەکانی ئیمپرۆ/ ئیرتیجال

پێش ئەوەی دەست بە پرۆسەی ئیمپرۆ بکەین، داوام لە ئەکتەرەکان کرد، لە سۆراغ و پشکنینیان بەدوای فۆرم و کەرەستەی دەربڕیندا، بایەخ بەم پرسیارانە بدەن، چونکە وەڵامەکانیان وەک کلیل وان بۆ بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکانیان، لە خەیاڵ و ئەندێشەتدا جێگە و شوێنی ڕووداوەکانی ناو شانۆنامەکە دەستنیشان بکە: بۆچی ئەو ڕووداوە دروست لەو شوێنەدا ڕوو دەدات؟ ئینجا بیر لە وردەکارییەکانی ناو دیمەنی ڕووداوەکە بکەرەوە، بزانە ئەو ڕووداوە ئەگەر لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەی خۆتدا ڕوو بدات، چ شێوە و شێوازێک وەردەگرێت، هاوشێوەی کەسەکانیش لە ژیانی ڕۆژانەی خۆتدا چەند لە کەسانی ناو شانۆنامەکەوە نزیکن.

بەو شێوەیە لە ڕێگەی خەیاڵ و فەنتازیاوە، ئەکتەرەکان خەریک بوون لە کردار و بەرجەستەکردنی فیزیکی ڕۆڵەکانیان نزیک دەبوونەوە. کردارەکانیش لە هەست و هەڵچوون و سۆزی خۆیانەوە نزیک بوون، هاوکات خودی کردارەکانیش بوون هەست و سۆزی دەبزواندن.

کاتێک ئەکتەر بەم ڕێچکەیە کردارە سەرەکییەکان دەستنیشان دەکات، لە ئەنجامدا ئاسانتر و خۆڕسکتر توانایی بەسەر بەکارهێنانی جەستە و ئاماژەکاندا دەشکێت، بێ گومان هەموو ئەمانە لە میانەی سۆراغی جەستەیی و بەکردار و بە جووڵە دێنە ئەنجام.

بەشێک لە مەشقەکان کە زۆر سادە و ئاسان بوون، ئەوانەی کە تا ئێستایش لە بیرم مابن، لێرەدا بۆ یەکەم جار یادداشتیان دەکەم، ئەمانەن:

-ڕۆیشتن: بۆچی دەڕۆیت؟ بۆ کوێ دەڕۆیت؟ ئینجا چەند وزە و چەند تواناییت پێویستە؟ کاتێک ئەکتەر ئەم پرۆسەیەی لەلا ساغ دەبووەوە، هەر خۆی بە شێوەیەکی خۆڕسک ڕیتمی دیمەنەکەی دەچەسپاند.

**- دۆخی جووڵە نەکردن:** بۆ نموونە دانیشە: بۆچی دادەنیشیت؟ کەی دادەنیشیت؟ لە سەرچی و لە تەنیشت چی دادەنیشیت؟ ئایا لە تەنیشت بۆ نموونە پەنجەرەیەک دادەنیشیت؟ یان لە ناو ئۆتۆمۆبیلێک (کە یەکێک لە دیمەنە سەرەکییەکانی شانۆنامەکە وای دەخواست)، ئەم کردارانە بە هەست و سۆزێکەوە گرێ بدە کە بارودۆخ و ژینگەکەی بەرپای دەکات. لێرەدا کارکردن لەسەر ئاماژە، هەروەها ئەو کردارانەی کە لە کاتی دانیشتندا، بێ ڕۆیشتن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، زۆر گرینگن.

**-ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کەسایەتییەکاندا:** ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کەسایەتی نەیاردا، ئەوەی کە دژتە و کێشەت لەگەڵیدا هەیە، کە لە دەرەوەی ڕووداوەکانی ناو شانۆنامەکە ڕووبەڕوو دەبنەوە، چی ڕوو دەدات؟ ڕووبەڕووبوونەکە چ هەستێکت لەلا بەرپا دەکات؟ پاشان چ کردایێکی لێ دەکەوێتەوە؟

یەکێک لە کێشەکانی شانۆنامەی جیهان لەسەر شانۆیەکی بچووک ئەوەبوو، کە بەپێچەوانەی شانۆنامەی باو، نووسەر ڕابوردووی کەسایەتییەکانی بەرجەستە نەکردووە، زۆر بە کەمیش زانیاری دەربارەی ڕابوردوویان دەبەخشێت، ئەمە بەگشتی بۆ ئەکتەر، هەروەها بۆ دەرهێنەریش کێشەیە. دیارە هەروەک ستانیسلاڤسکی پێشنیاز دەکات، ئەکتەر لەم دۆخەدا پێویستە ئەو کەمایەسییە بە خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی پڕ بکاتەوە، لەمەدا دەرهێنەر، یان ڕاهێنەر دەتوانێت کۆمەکی ئەکتەر

بکات و یارمەتی بدات، گەلێک گرینگە ئەکتەر کەسایەتییەکەی باش بناسێت، ژیاننامەی ئەو کەسە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی بزانێت، چونکە ئەم شارەزاییە کاریگەرێتییەکی بەهێزی لەسەر ئێستای ڕۆڵەکەیدا هەیە، بەبێ شارەزاییەکی باش دەربارەی ڕابوردووی کەسایەتییەکە هەر بەرجەستەکردنێک کە لە ئێرە و ئێستا دێتە ئەنجام، کامڵ نابێت. ئەکتەری سست و تەمبەڵ هەندێک جار پاساو بۆ ئەوە دێنێنیتەوە، کە ئەم زانیارییانە ئەوەندە گرینگ نین، چونکە لەسەر شانۆ بەکار نابرێن، ڕەنگە وابێت، بەڵام ئەم زانیارییانە لە دۆخی بێئاگایی (لاوعی)دان، کاریگەرێتییەکی ناڕاستەوخۆیان لەسەر نواندن و نمایش هەیە.

ئەم ڕاهێنانە ئەکتەر فێری ئەوە دەکات چۆن ئەندێشە و خەیاڵی بەکار بهێنێت، چۆن کارا و چالاکیان بکات و کەڵکیان لێ وەربگرێت، هەروەها ئەم میتودە ئەکتەر دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرزی شیکردنەوە و لێکدانەوەی قووڵی شانۆنامەکە.

باشترین ڕاهێنان لە بەکارهێنانی خەیاڵ و فەنتازیادا، ئەوەیە کە لە ئاستی هەموو وشەیەک، هەموو ڕستەیەک، هەموو جووڵە و ئاماژەیەک هەڵوەستەیەک بکەیت، بپرسیت: بۆچی و لە پێناوی چیدا؟ چ هۆکارێک لە پشتی ئەم کارەوە هەیە؟

دیسانەوە ئیمپرۆکانی ڕووبەڕووبوونەوەی کەسایەتییەکان لەگەڵ یەکتردا، ئەوانەی کە لەسەر شانۆ ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، تەنانەت ئەوانەش کە تەنیا ناویان دێت و بە کردەیی لەسەر شانۆ ڕووبەڕووی یەکتر نابنەوە، لە دەستنیشانکردنی زنجیرەی کردارەکان، بەتایبەتی کردارە وردەکان و هەست و سۆز و هەڵچوون و داچوونی کەسایەتییەکاندا گرینگن.

**خەیاڵی ڕوون:** خەیاڵ لەم جۆرە ڕاهێنانەدا، چەند ڕوون بێت ئەوەند باشترە، ئەوەندەیش کاراتر و خێراتر مەبەست دەپێکێت. وەک دەرهێنەر، یان ڕاهێنەر تەنیا داوا مەکە لە ئەکتەرەکەت کە پێویستە خەیاڵ بەکار بهێنێت، ئەوەیان باشە، بەڵام لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە داوای لێ بکەیت خەیاڵی ڕوون بێت، هەموو شتەکان، هەموو وردەکارییەکان بە وردی ببینێت. کاتێک خەیاڵی ڕوون دەبێت کە بزانێت مەبەستت چییە و سۆراغی چی دەکەیت.

خەیاڵی ئەکتەر تایبەتمەندێتییەکی دیکەی هەیە، کە پێوەندی بە هەموو ئەکتەرەکانی ناو پرۆسەی داهێنانەکەوە هەیە، چۆن؟

بەوەی کە خەیاڵ ڕۆڵێکی کاریگەری لە ئامادەکردن و گونجاندنی شانۆنامەکەدا هەیە، ڕاستە شانۆنامەکە شێرکۆ بێکەس هەر بەدەم وەرگێڕانەوە بۆ بینەری کوردی ئامادە کردبوو، بەڵام من لێرەدا ئەم ئامادەکردنەم مەبەست نییە، بەڕای من هەموو پرۆسەیەکی ڕاستەقینەی نواندن و دەرهێنانی شانۆیی خۆی لە خۆیدا ئامادەکردنە، ساغکردنەوە و وردکردنەوە و نزیککردنەوەیە لە مێشک و زەین و هەست و سۆزی بینەر زۆر جاریش بێ ئەوەی تاکە یەک وشەی لێ لابەریت، یان بیگۆڕیت. ئەم ئامادەکردنە بە مەبەستی دۆزینەوەی پردی کۆمیونیکاسیۆنە لەگەڵ بینەردا، ئەمە ئاگایی و بوونی ئەکتەر لە ئێستا و لە ئێرەدا دەسەلمێنێت، هەروەها جەخت لەسەر بوون و ئامادەیی بینەریش دەکات، ئەمەش بەر لە هەموو شتێک لە ڕێگەی ئیمپرۆوە دێتە ئەنجام، ئەم پرسیارانە بۆ پرۆسەی گەڕان و سۆراغ و پشکنینی ئەکتەر کلیلی گرینگ بوون:

چی دەکەم؟ بۆ دەیکەم؟ چۆن ئەو شتە دەکەم؟ ئەم سێ پرسیارە ئەکتەران هان دەدەن، بۆ ئەوەی شوێنی گونجاوی خۆیان، پێوەندی گونجاویان بە یەکدییەوە بەرجەستە بکەن.

لە یەکێک لە ڕاهێنانەکانی ستانیسلاڤسکی دەبارەی ئامادەکردن و خۆگونجاندن دەڵێت: بۆ نموونە ئەگەر تۆ لەگەڵ کەسێکی دەبەنگدا بکەویتە گفتوگۆ، ناچاریت ئاستی زەینی خۆت دابەزێنیتە ئاستی زەینی و مێشکی ئەو کەسە.

## تێمپۆ / ڕیتم

دیارە لە هەموو ئەم ڕاهێنانەدا، چ بە تێکست و چ بەبێ تێکست، کارکردن لەسەر ڕیتم و تێمپۆ(خاوی و خێرایی) پشکێکی گەورەی بەرکەوتبوو، شێواز و بینای شانۆنامەکەیش کە بریتی بوو لە چەندان دیمەنی کورت کورت، وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد، لەم مەبەستەدا یارمەتی دەداین.

بەڵام ئەوەی لە مەشقەکاندا کارمان لەسەر دەکرد، مەسەلەی تیژکردنەوە و زەقکردنەوەی خاوی و خێرایی ناو

دیمەنەکان بوو، بە شێوەیەک کە بینەر، بەتایبەتی بینەری زانکۆکان لە زانکۆی بەسرە باشتر هەستی پێ بکەن. زۆر جار دیمەنێکی خاومان لەگەڵ دیمەنێکی خێرادا بۆ ڕاهێنان بەکار دەهێنا، ئیدی ئەکتەرەکە بە جەستە و بەزەین و بەهەست، هەستی بە جیاوازییەکەی نێوانیان دەکرد، پاشان ئاسایی و خۆڕسکانە نمایشی دەکرد، پاشتریش مۆسیقای نمایشەکە، کە لەلایەن مامۆستایان (نەبیل نووری مەتی) و (جینان کۆستەنتین)ەوە بەڕێوە دەچوو، تارادەیەکی باش یارمەتی ئەکتەرەکانی دەدا.

سەرجەمی ئەکتەرەکان قوتابی زانکۆی سلێمانی بوون، تاکە یەک ئەکتەر نەبێت، ئەویش مامۆستا سمکۆ عەزیز بوو.

ئەکتەرە سەرەکییەکان، ئەوانەی ئێستا ناویانم لە بیر بێت: نەبەز ئەحمەد فەرەج، عالیە محمد ئەمین، ڕووناک ئەحمەد، سمکۆ عەزیز.

بە شێوەیەکی گشتی جگە لە نواندنی ئەکتەرەکان، بە تایبەتی لە مۆنۆلۆگەکاندا کە شەقڵی شێوازی دەروونییان بە سەردا زاڵ بوو، پێکهاتەی سەرجەمی نمایشەکە شێوازی برێختی بە بیر بینەر دەهێنایەوە، هەرچەندە بەکارهێنانی ئەم شێوازە زۆر تۆخ و چڕ نەبوو، بەڵام ئەوەی ئەم هەستەی دروست کردبوو، لەپێش هەموو شتێکەوە بۆ جۆری کۆمیونیکاسیۆنی ئەکتەرەکان بوو لەگەڵ بینەراندا. دیارە من وەک لە ڕووی دەرهێنانەوە وام بەباش زانی، کە ئەکتەر لێرە و لەوێ دابڕانێکی کتوپڕ دروست بکات و یەکسەر ڕووی دەم لە بینەر بکات، بەداخەوە کەسانێکی زۆر وا دەزانن کە ئەم شێوازەت بەکار هێنا ئیدی تۆ سەر بە ڕێبازی برێختیت، لە کاتێکدا ئەم شێوازە زۆر کۆنە، هەموو ئەکتەرانی کۆمیدیا، دیل ئارتێ بۆ نموونە بەم جۆرە نمایشیان کردووە، هۆکارێکی دیکە کە وای لە خەڵک دەکرد شێوازی نمایشەکە بەلای شێوازی برێختدا بشکێننەوە، بوونی حیکایەتخوان بوو، کە زۆر جار لە ناوەڕاستی دیمەنەکاندا ڕووی دەمی لە بینەران دەکرد، ئەمە وای کرد بینەری عەرەب کە لە تێکستە کوردییەکە تێ نەدەگەیشتن، وا بزانن نمایشەکە هەر تەواو برێختییە.

سەرەڕای ئەوەیش بۆ خۆم کەیفم بەوەش دەهات، کە لەو قۆناغەدا پێم دەگوترا توانیت سوود لە ستانیسلاڤسکی و برێخت وەربگریت.

نمایشی جیهان لەسەر شانۆیەکی بچووک لە ڕووی سینۆگرافیاوە ئەزموونێکی دیکە، بۆ ئەزموونی کاری ڕێژیسۆریم پێک دێنێت، ئەزموونێکی شکستخواز، کە پاشتر بوو بە وانەیەکی بەسوود، ئەویش ئەوەبوو کە ئەوەی لە خەیاڵ و ئەندێشە و پلانمدا بوو سەبارەت بە دیکۆری نمایشەکە کە دەبوایە هەموو کەرەستە و پێداویستییەکانی لە بەسرە پەیدا بکرێت، هیچ شتێکی لەو کەرەستانە لەبەر دەستدا نەبوون، لە ناکاوێکدا بۆمان دەرکەوت کە دیکۆر نییە. ئێمە لە سلێمانییەوە دیکۆرمان نەبردبوو، وامان دەزانی ئەوان هەروەک خۆیشیان دووپاتیان کردەوە، هەموو شتێکیان لەلا دەست دەکەوێت، بەتایبەتی پێداویستییەکانی ئێمە، دیکۆری گشتی وەک پەیژە و ڕووبەر و دەرگا و پەیژە بوو، ئەوانەی کە لە هەموو عەمبارێکی کەرەستەی شانۆدا دەست دەکەون، بەڵام لەوێ بۆمان دەرکەوت کە هیچ شتێک لەو شتانانە لەلای ئەوان دەست ناکەون، ناچار بووین بە کەرەستەی زانکۆکانی دیکە، بەتایبەتی زانکۆی بەغدا، سینۆگرافیاکە ئەنجام بدەین، کە بەڕای خۆم یەکێک بوو لە خاڵە لاوازەکانی نمایشەکە.

ئەکتەرەکان بەگشتی جێگەی ڕەزامەندی بینەران بوون، نەبەز ئەحمەد فەرەج کە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا، لەلایەن لیژنەی دادوەرییەوە خەڵاتی باشترین ئەکتەری پێ بەخشرا، لیژنەکە لەو باوەڕەدا بوو کە نمایشی (جیهان لەسەر شانۆیەکی بچووک) شایەنی خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵەکە بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی هەروەک خۆیان بە فەرمی دەریانبڕی، پەیامی نمایشەکە لەگەڵ گیانی سەردەمەکەدا نەدەگونجا، خەڵاتەکەی لێ قەدەغەکرا.